دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بە سبەینێ هەڵگیرا



پەرلەمانی عێراق دانیشتنی خۆی بە سبەی سێشەممە، ٣٠ـی کانونی دووەم هەڵگرت. لە دانیشتنی ئەمڕۆشدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ سێ ماددە کۆتایی پێهێنرا

ئەمڕۆ دووشەممە، لە دانیشتنی پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەیاسای هەموارکردنەوەی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ کۆتایی پێهێنرا

هەر لە دانیشتنەکەدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ ڕێشنووسی یاسای پەسندکردنی لۆلایەن کەماری عێراقەوە بۆ پرۆتەکۆلی هەموارکردنەوەی ماددەکانی (٥٠) و (٥٦)ی ڕێککەوتننامەی نەوەدوودوو تی فڕۆکەوانی مەدەنی ساڵی ١٩٤٤، کە لە مۆنتریال ٢٠١٦ واژۆ کرا، تەواو کرد، هەروەها خوێندنەوەی یەکەم بۆ ڕێشنووسی یاسای خوێندنی زانکۆی حکومی و تایبەت ئەنجام دا.